# خەڵکی عێراق ئەمەیان دی

هیدایەت مەلا عەلی

سەرەتای داگیرکردنی عێراق هاوکات بوو لەگەڵ حەملەیەکی ئیعلامی کە وای نیشان دەدا خەڵکی عێراق هەموو ئەو نەهامەتی و سەرکووت و ژیانە پڕ لە ئیهانەو سووکایەتی یە بەسەریان بردکۆتای دێت و قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری و مافی ئینسان و دیموکراتیەت دەست پێ دەکات , بە جۆرێک باسی خۆش گوزەرانی و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازەیان دەکرد لە ژیانی خەڵکدا وەک ئەوەی ئیتر لەم وولاّتە دا تەنانەت دوو کەسیش لە بازاڕدا شەڕیان نابێت و هەرچی بڕیار و کارێک کە خەڵک بۆ بەرژەوەندی خۆی پێی باش بێت دەتوانێت بیدات و داهات و سەروەت و سامانی وولاّت بۆ ئاوەدانی و خزمەت بە هاوولاّتیان خەرج دەکیرێت , سووپای ئەمەریکاو بەریتانیا و هاوپەیمانەکان تەنها دێن ڕزگارمان دەکەن و بە پەلە دەگەڕێنەوە و هیچ بەرژەوەندیەکیان نیە لەم داگیرکاریە تەنها ئەوە نەبێت وەک هەویر شێلێکی نانەوەخانە گونکی دیمکراسی دابەش دەکەن و گونکێکیش بەر ئێمە دەکەوێت با لەم دوو هەنگەی لە کلۆری دارێکا دەیدۆزینەوە خۆمان مەحروم نەکەین ,ئەمە پەیامێک بوو کە ڕۆژانە بە گوێی خەڵکی عێراقدا دەدرا و چاو بەست و فریوکاری بۆ تاوانێک دەکرد کە ئێستا ئەنجامەکەی لە سەدا سەد پێچەوانەی واقعی ژیان و ئاوات و ئارەزویەکە کە خەڵک هەیانە ,ئەوەی لە باری جێکەوتن و هەڵسووکەوت و بینینی دیاردە زیندوەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی خەڵک دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت و ڕۆژانە دەگوزەرێت شتێکە ژیانی خەڵکی گۆڕی وە لە دۆزەخێکەوە بۆ دۆزەخێکی تر ,ئەوەی کە ڕۆژانە میوانی ماڵەکانی خەڵکە هەل و مەرجێکی ژیانە کە بەجۆرێک نا ئینسانیە نەک مومارەسەکردنی تەنانەت باس کردن و بینینی لە دورەوە لە ڕێگەی دەزگا کانی ڕگەیاندنەوە ئینسان بە جۆرێک سەسام دەکات تەنانەت سەیر کردنی ئاسان نیەو هەست دەکەی زوڵمێکی ئینسانی لە ئیحساسی خۆت دەکەیت کاتێک ئەم تاوانانە دەبینی , کوشتن , سووتاندن , ئاوارە بوون , بێکاری , دیاردەی فراوانی لەش فرۆشی , ڕفاندنی منالاّن , ژن کووشتن , ترس لە چوونە دەرەوە, بڕیاری گەڕانەوەی سێدارە , دامەزراندنەوەی سووپا و مووخابەرات, زیندان , فەسادی ئیداری و دیار نەمانی ملیۆنەها دینار , تەقاندنەوەی سینەماو جێگاکانی مەی فرۆشتن , حیجاب و زاڵ کردنی فەزای کۆنەپەرستی, خۆ تەقاندنەوە , سەربڕین , گۆڕینەوەی دیل بە پارە وەک فدیە , کردنی ئیسلام بە دینی ڕەسمی وولاّت, پێناسەی عێراق وەک وولاّتێکی عەرەبی و بەشێک لە نیشتمانی گەورەی عەرەب , برەو دان بە ئیحساسی قەومی و مەزهەبی , چاو دەرهێنان و گوێ بڕینی غەیرە هاو زمان , بە حاکم کردنی مەلا و قەومی و کۆنە بەعسی , ناساندنی عێراق وەک وولاّتێکی دواکەوتوو عەشایەر , سڕینەوەی هەموو دیاردەیەکی مەدەنی و ئینسانی لەم کۆمەڵگایە , سەرهەڵدانی دەیان کەسی تیرۆریست و ئینسان کوژی وەک سەدرو زەرقاوی کە ئەگەر ئەم حەمامی خوێنە بۆ خەڵکی عێراق گەرم نەکرایە بە سەد ساڵی تریش یەک کەس ناوی ئەم ئینسان کوژانەی نەدەزانی , بۆردومان و گەمارۆدان , مەنعە تەجەول , نەبوونی ئاو , کارەبا , دەرمان , کار , گیان لە دەست دانی هەزاران ئینسانی مەدەنی کە خوازیاری ژیانێکی ئارام و دور لە شەڕن , بە مانایەک کۆمەڵگای عێراق بۆتە ئەو جێگایەی کە ژیان تێیدا موجازەفەیەکی گەورەیە لە سایەی داگیرکاری ئەمەریکا و شەڕی نێوان تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ,ئەوەی کە خەڵکی عێراق ڕۆژانە ئێستا دەیبینێ ئەمەیە ئەوەشی کە ڕاگەیاندن باسی دەکرد هەر بۆ خۆیان ماوەتەوە و ڕۆژانە دەیڵێنەوە , بەلاّم ئەم ژیانە کە ئەمڕۆ بەسەر خەڵکی عێراقدا فەرز کراوە ژیانێکی نا ئینسانی یەو بەردەوام بوونی دەبێتە مایەی هاڕینی ژیانی هەزاران ئینسانی ترخەڵکی عێراق خوازیاری ئەم ژیانە نین هەر عێراقیەک دەستی بە مایکرۆفۆنێک دەگات یەکسەر نەفرەت دەکات و بە هەزاران جۆر نارەزایەتی دەکەن بە ژیان و کاولکاریەک بەناوی ڕزگاریەوە بۆیان سازداوون , ئەگەر خوڵقێنەرانی سیناریۆی ڕەش ئەمە پەیامیان بێت بۆ خەڵک ئەوا ڕابەری سیناریۆی سپی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە دەتوانێت وەلاّمی کۆتای هێنان بێت بەم کاولکاریە و زامنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە و ئینسانی بکات کە دیارە ئەمەش لە گرەوی بەهێز کردنی ئەم حیزبە و عەمەلی کردنەوەی ڕێگا چارەئینسانی و سیاسیەکانیەتی .